# پارادیگماتیکی / سینتگماتیکی دەنگیی لە کوردیدا

**سەلام ناوخۆش***
**(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی پەروەردەی بنیات)**

**پێش چوونە ناو بابەت**

خـــوێندنـەوەی دی ســـۆســـێـــر بۆ چەمکی (زمـــان) قـوولبـوونەوە بوو لەناو خـودی زمـان و پێکهـێنەرەکـانی زمان. ئەم لایەنە ناوەکییەی زمان سەرەتای وەرچەرخان و زماننـاسی نوێ بوو، چونکە ئەو کاتەی دەڵێین "زمانناسی بریتـیـیـە لە توێژینەوەی زانسـتی زمـان"، مـەعـریفـەی زمانەوانی مێژوویەک بۆ خۆی دادەنێت.

هەر یەک لە پێـوەندی پارادیگمـاتیکی و پێـوەندی سینتگماتیکی بەرهەمی دیتنی دی سۆسێرن. دی سۆسێر باوەڕی وابوو ئەو ڕەگـەزانەی زمـان لە دوو پێـوەندی شاقوولی و ئاسۆییدان لەگەڵ یەکتر.

پێوەندی پارادیگمـاتیکی ڕەگـەزەکـان لەگـەڵ یەکـتـر هەڵگری ڕەهەندێکی شـاقـوولین، ئەو پێـوەندییـە پێوەندییـەکی (سیـستم) ئامێـزە، بە واتای قـەبوولی (زیوان) و (بیـــژۆک) ناکـــەن، هەرچی پێـــوەندی سینـتگمـاتیکی ڕەگـەزەکـانن لە پێوەندییـەکی ئاسۆیین لەگەڵ یەکتر.

**بوارە جیاوازەکان**

پێـوەندی شـاقـوولیی ڕەگـەزەکـانی زمـان، چەند پێـوەندییـەکی (سێنتـاکسی) و (سیـمـانتـیکی) و (فۆنەتیکی) لە خۆ دەگرێت، لەو هەمـوو پێـوەندییـانەدا (پێوەندی لەجیاتیدان) ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینێت.

دی سۆسێر لە زمانناسییەکەیدا ئاماژە بە پێوەندییەکی تر دەکات ئەویش پێوەندی ئاسۆییە-سینتگماتیکییە. هەر یەک لە کریستال ١٩٩١ ل٣٤١ و تراسک ١٩٩٨، ل٢٧٣ باوەڕیان وایە کە هەمـوو ڕەگـەزە سێنتـاکسی و فـۆنیـمـیـیـەکـان لە پێوەندییـەکی سـترەکـچـەری - پێکهاتەییدان.

لەو لاشـەوە فـینـچ ٢٠٠٠، ل٢٤ باوەڕی وایە ئەو دوو پێـوەندییـەش، پارادیگمـاتیکی و سـینـتگمـاتیکی،

شوناسی (وشە -لێکسیم) پێکدەهێنن.

لە کتێبی (پوختەیەک دەربارەی زمانناسی) ٢٠٠٣ بە درێژی قسەمان لەسەر ئەو دوو پێوەندییە لە بواری سێنتاکس و سیمانتیکس کردووە، لە ئەم توێژینەوەیەدا تەنیا قسە لە پێوەندی دەنگی -فۆنەتیکی وشەی کوردی لەو دوو پێوەندییە دەکەین.

## تەوەری یەکەم، پێوەندی پارادیگماتیکی دەنگی

تەوەری خستنەڕووی ئاستە شاراوەکانی زمان هاوکاتە بە دەرکەوتنی دیتنەکانی سۆسێر بۆ زمان و پێوەندییەکان، لە نێو لێکسیمەکانی زمان دوو پێوەندی شاراوە هەن، پێوەندییەک ناسراوە بە پێوەندی پارادیگماتیکی لێکسیمەکان و پێوەندی سینتگماتیکی لێکسیمەکان.

پێوەندی پارادیگماتیکی بە پلەی یەکەم لەسەر لەجیاتی دانان دامەزراوە، بە واتای پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژییە، چونکە لە لایەک لەسەر لەجیاتی دانانی وشە دامەزراوە، لەلایەکی تر لەسەر جێگۆڕکێی (پیت) لە وشە دامەزراوە.

ئەم پێوەندییە مۆرفۆفۆنیمیکییە لە وشەی کوردی پانتاییەکی فراوان داگیردەکەن، بەڵام بەرلەوەی ئەم دوو پێوەندییە لە وشەی کوردی بخەینەڕوو، پێناسەی ئەم دوو پێوەندییە مۆرفۆفۆنیمیکییە دەکەین:

## پێوەندی یەکەم (مۆرفۆلۆژی)

لە پێوەندی یەکەمدا (مۆرفۆلۆژی) دوو پێوەندی سیمانتیکی ئامادەییان هەیە، ئەو دوو پێوەندییەش بریتین لە پێوەندی سینۆنیمی (هاوواتایی) و پێوەندی سیمانتیکی (واتایی). پێوەندی جێگۆڕکێی پارادیگماتیکی دروست نابێت تا پێوەندی سینۆنیمی بەشەکی نەبێت. ئەم پێوەندییە سینۆنیمییە لە ئاکامی هەبوونی چەند دایەلێکت (زار) و بن زار لە زمانێکدا دروست دەبێت. بۆ نموونە زمانی کوردی یەکێک لەو زمانانەیە کە چەند دایەلێکت و بن زاری خۆی هەیە، ئەمانەش هەم لێکسیمی خۆیان و هەم خوێندنەوەی خۆیان بۆ لێکسیمەکە هەیە:

١-پوور: پلک، میمک، خاڵەت -مەت

٢-خاڵ: خار (دەشتی هەولێر)، خال (دەڤەری بادینان)

٣-مام: ئاپۆ

٤-ماڵ: مار (هەولێر)، مال (بادینان)

هەبوونی ئەم هەموو وشانە لە دیالێکتەکان، شتێک ڕوون دەکەنەوە کە بە دەگمەن گۆڕانی سیمانتیکی وشەکە دروست دەبێت!

## پێوەندی دووەم (پێوەندی فۆنۆلۆژی)

ئەم جۆرە پێوەندییە پێوەندییەکی دەنگییە، فۆنیمەکانی زمان لە دروستکردنی پێوەندی ستوونی لە نێوان وشەکاندا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن. لە سیستمی دەنگی زمانێکدا (فۆنۆلۆژی) کە دەنگێک لە بریتی دەنگێکێکی تر لە وشەکە بێت، هەم دەنگ و هەم واتای وشەکە دەگۆڕێت، زمانی کوردی لەو پێوەندییە ستوونییەدا دەوڵەمەندە، بۆ نموونە وشەی (ئاڵ: سوور) هەتا (واڵ: کراوە) زۆربەی پیتەکانی کوردی لەبری یەکتر دێن لە هەمان وشەدا، بۆ نموونە

ئاڵ، باڵ، پاڵ(ڕەخ -لنک)، تاڵ، (جاڵ)، چاڵ، حاڵ، خاڵ، داڵ، (ڕاڵ)، زاڵ، ژاڵ، ساڵ، شاڵ، (عاڵ)، (غاڵ)، ، فاڵ، قاڵ، کاڵ، گاڵ، لاڵ، ماڵ، ناڵ، (واڵ - کراوە)، (هاڵ)

سەیرکە زۆربەی پیتەکانی کوردی لە زۆربەی کۆنتێکستەکاندا لە بریتی یەکتر دێن بە هەمان (فۆرمی دەنگی)، لەمەش زیاتر کورد لە دیالێکتە جیاوازەکانەوە وشەی بۆ زۆربەی پیتەکان هەیە:

ئار، بار، پار، تار، جار، چار، حار، خار، دار، (ڕار)، زار، ژار، سار، شار، (عار)، غار، فار، (قار)، کار، گار، لار، مار، (نار)، وار، هار

لە زمانی ئینگلیزیدا ئەو جێگۆڕکێ دەنگییە بە ڕادەی زمانی کوردی نییە، چ لە (فۆرمی دەنگی) چ لە ژمارەی پیتەکان:

add, bad
cad , dad , (ead) , fad , gad , had , (* iad) , lad , mad , (*nad) ,(*oad) , (* qad) ,(*rad) ,sad , tad , (*uad) , (*vad) , wad , (* xad) , (*zad)

وا ڕێک دەکەوێ دوو پیتی ئینگلیزی لە بریتی یەکتر دێن، بەڵام وەک پیتی کوردی هەمان (دەنگ) و (ئاوازە)یان نییە:

Are , bar , car , dare , ear , gar , far , hare , (iare) , (lare) , mar , (nare) , ore ,(qare) , rare , (*sare) , tare , (*uare) , (*vare) , ware , xare , yare , zade

## تەوەری دووەم، پێوەندی سینتگماتیکی دەنگی

تەوەری دووەمی زمان بریتییە لە ئاستی

سینتگماتیکی زمان. فینچ ٢٠٠٥ له ل٢٨ دەربارەی پێناسەی ئاستی سینتگماتیک دەنووسێت:" بریتییە لە ئەو چەمکەی کە ئاماژە بە ئەدگاری زنجیرەیی زمان دەکات." لە بارەی پێوەندی مۆرفۆلۆژی، وشە بە وشەوە فینچ لە ل٢٩ دا دەنووسێت: "پێوەندییە سینتگماتییەکان کەرتێکی جووتە پێوەندییەکانن (ئەوی تر پێوەندی پارادیگماتیکییە)هەردوو کەرتی زمان پێکەوە ئەرکێکی کۆنستیتۆتینی لەناو زماندا جێبەجێ دەکات."

ئەو پێوەندییە سینتگماتیکییە (ئاسۆییە)ی لێکسیمە وێکچووەکان زیاتر لە (جیناس) دەردەکەوێت، ئەمەش حاڵەتێکی مۆسیقی وشە وێکچووەکان دەردەخات.

## ئاستی سینتماگتیکی دەنگی

جگە لە هەبوونی پێوەندی مۆرفۆلۆژی لە نێو وشەکاندا، ئەوە پێوەندییەکی فۆنۆلۆژی لە نێو خودی وشەکاندا هەیە. هەر یەک لە (جیناس) و (ئەلیترەیشن) پێوەندی سینتگماتیکی زێتر دەخەنەڕوو، ئەو دوو دیاردە مۆرفۆ-فۆنیمیکییە بە زۆری لە دەقی شیعری دەردەکەون.

## پێوەندی سینتگماتیکی و ئەلیترەیشن

ئەلیترەیشن زاراوەیەکە کە وەسفی ئامرازێکی شێوازگەری ئەدەبی دەکات، هەروەها کاتێک ڕوودەدات کە زنجیرەیەک وشە لە ڕیزێکدا هەمان کۆنستانتیان هەبێت، هەمان دەنگی لە ڕیزێکدا، دێڕێکدا تەنیا لە کۆنتێسکتەکانی زمان دەگرێتەوە. کودۆن١٩٩٨، ل٢٣ لە پێناسەی ئەلیترەیشندا دەڵێت:" لە ئەسڵدا وشەکە واتای دووبارەکردنەوە دەگەیەنێت، یان (یاریکردنە لەسەر هەمان پیت)، بەمەش وێنەیەکی ئاخاوتنە کە کۆنستانتەکان(پیتی نەبزوێن)ی پێشەوەی وشەکان دووبارە دەکرێنەوە."

ئەم دیاردە ئەدەبییە هەم لە شیعر و هەم لە دەقی کۆندا هەیە، هەر کودۆن لە هەمان لاپەڕەدا دەنووسێت:" ئەلیترەیشن لە شیعری ئینگلیزیدا ئامرازێکی جوانکاریی کۆنە، بە جۆرێک لە قافیە کۆنترە، کۆلریدج لە وەسفکردنی ڕووباری (ئالف) لە (قوبلە خان) دەڵێت:

Five miles meandering with a mazy motion

پێنج میل لە شەپۆلی پێچاوپێچ لەگەڵ جووڵەی حەپەساو"

ئەمە تەنیا لە شیعری ئینگلیزیدا نییە، بەڵکو لە زۆر بواردا وەک وتە و ڕستە فرێزدا هەیە وەک

She sells sea shells by seashore

وێ گوێچکەماسی لە قەراغ دەریا دەفرۆشێت."

هەروەها لەم فرێزانەی خوارەوەش دیاردەی ئەلیترەیشن هەیە:

Good as a gold , home sweet home , last laugh , mad as a Busy as a bee , march hareì

وەک گوتمان هەردوو پێوەندی مۆرفۆفۆنیمییە، واتە هەم مۆرفۆلۆژییە و هەم فۆنەتیکییە، هەروەها دژواری توند لە دروستکردنی زنجیرەی دروستی دەنگ، یان وشە لە زماندا، ئەمەش لەوانەیە دەرخەرێک بێ بۆ هەندێ فۆرمی یەککەوتەیی زمانەوانی(فینچ، ل٣٠)

لە شیعری کوردیدا دیاردەیەکی نزیک لە ئەلیترەیشن هەیە بەناوی "ڕەگەزدۆزی"، یان جیناس. عەلائەددین سەجادی ١٩٨٦ لە ل ١٢٦ دەڵێت:" دوو جوانکاریی لە شیعری کوردی هەن یەکیان گوزارشت لە " گوزارەیی " دەکات، هەرچی ڕەگەزدۆزییە (جناس) جۆری دووەمی جوانکارییە کە جوانکاریی وشەییە."

لای سەجادی مەبەست لە ڕەگەزدۆزی دروستکردنی " گونجاندن"ە، گونجاندن ڕواڵەتی وشەکانی نێو دەقە، نەک دۆزینەوەی دوو وشە کە وەک یەک بن لە گوزارەدا وەک(کتک) و(پشیلە)، کەڵەباب و کەڵەشێر، یان مامۆستا و سەیدا، بەڵکو جگە لە وەک یەکی لە ڕواڵەتدا، وشە پێکچووەکان لە هەموو شتێکدا وەک یەک وابن، لە ژمارەی پیتدا، لە ڕێکی پیتەکاندا... وەک یەکن (سەجادی، ١٢٧)

نالی لە دیوانەکەیدا وێنەیەکی ڕەگەزدۆزی تەواو دەخاتەڕوو:

**خەتات فەرموو کە خۆشە چین و ماچین**
**کە ناچین لێرە، خۆشە چینی ماچین**
**برۆت هەر چین و پەرچەم چین لەسەر چین**
**ئەمەندە چینە قوربان پێم بڵێ چین؟!**

هەردوو دیاردەی ئەدەبی لەوەدا بە یەک دەچن، ئەویش هارمۆنیەتی مۆسیقییە لە دەقدا، ئەو هارمۆنیەتە دەنگی بە یەکچووی چەند پیتێکی وەک دروستی دەکەن، ئەگەرنا خودی ڕەگەزدۆزی، بە یەکچوونی چەند وشەیەکە بە مانای جیاواز، دوورە لە ئەلیترەیشن، پیتە بەراییەکانی چەند وشەیەکدا لە شیعردا.

کەواتە یەک فۆرمی و مانا جیاوازی (ڕەگەزدۆزی- جیناس)ە، ئەو دوو مانا جیاییە، زۆرجار وشە بە یەکچووەکانیش لە یەک جیا دەکاتەوە، بۆ نموونە هیوا

زێبارۆكی ئەو واتا جیایی و فۆرم جیاییە لە دەقێكدا بەكاردەهێنێت:

**وشەكانم**
**تا دەنگتان دێ بە سەرما**
**لە هاوین و سەرما**
**هاوار بكەن."**

سەرما-١ ی یەكەم وشەیەكی داڕێژراوە، پێكهاتووە لە (سەر +من+دا)، هەرچی وشەی دووەمە(سەرما-٢) یەک وشەیە بە واتای (زستان-سارد) دێت.

جگە لەبەكارهێنانی جیناس لە شیعردا، هەر خودی نالی لە ل٩٥ی دیوانەكەیدا لە چەند دێڕێكی تردا، ئەلیترەیشن بەكاردێنێت:

**ڕوخم ڕەنگینی ڕەنگینی ڕەنگی ڕومەتە ڕەنگینتە، بازا**
**قەدی سەروم كەمانینی قەدی شیرینتە، بازا**

مامۆستا عەبدولكەریمی مودەڕیس تەنیا قسە لەسەر (جیناس)ی هەردوو وشەی (قەد- ١، بالاّ) و (قەد-٢، چەماندنەوە) دەكات، نەک ئەلیترەیشنی نیوە دێڕی یەكەم كە شەش جار لە (پیتی (ڕ) دووبارە كراوەتەوە.

هەروەها لە دوو نیوە دێڕەی خوارەوە ئەلیترەیشن بەكار دێنێت، نەک جیناس، هەرچەندە مودەڕیس لە ل٩٥ دا دەنووسێت: "لە نێوان (نالی) و (حالّی)دا جیناسی لاحیق و لە نێوان (نالّە) و (نالە)دا جیناسی موحەڕەف هەیە":

**(نالی) مەثەلی حالّی لە ئەشكەنجەیی غەمدا**
**وەک نالّە لە نەیدا وەک نالە لە قەلّەمدا**

ئەو دووبارەكردنەوەی پیتی وشەی یەكەم بەشێوەیەكی ئاسۆیی لە شیعری نوێی كوردیدا ناوێكی تری وەرگرتووە، ئەو ناوەش هەر مۆسیقی و فۆنیمی و مۆرفۆلینیمییە.

## ئەلیترەیشن و شیعرییەت

ئەگەر لە ڕابوردوودا قسە لەسەر شیعرییەتی دەق لە دەقی كوردیدا نەكراوە، بەلاّم دەقی كلاسیكی كوردی پڕبووە لە شیعرییەت. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ زۆر قسە لەسەر شیعرییەتی دەق دەكرێت. دكتۆر هێمن ٢٠٠٨، لە ل٤٦ی ماستەرنامەكەی بە ناوی (چەند لایەنێكی شیعرییەت...) دەنووسێت: هەر یەک لە هاوشێوە بوون و لادان كە بەرهەمی (جاكۆبسن) و (جان كۆهێن)ن لە دەقی كوردیدا گرینگیان پێ دراوە، هەروەها خودی شیعرییەت لەسەر دوو كۆڵەگە وەستاوە: ئاستی دەنگسازی و ئاستی دەلالی." ئەو تێكەڵبوونەی دەنگ و سیمانتیک لە دەقدا پانتایەكی فراوان دەگرێت. جیناس، یان ڕەگەزدۆزی پێوەندی بە سیمانتیكی یەک فۆرمەوە هەیە، بەلاّم هەرچی ئەلیترەیشن-ە پێوەندییەكی پتەوی بە دەنگسازی چەند لێكسیمی هاوشێوە (دەق)وەیە. هەر دكتۆر هێمن لە ل٥٠-٥٧دا قسە لەسەر دووبارەكردنەوەی دەنگ لە دەقدا دەكات لە دروستكردنی شیعرییەتدا، هەروەها بۆ پاڵپشتیكردنی بۆچوونەكەی چەند دەقێک دەهێنێتەوە، لەوانە

١-سۆڵی سەد ساڵە سوور هەڵدەگەڕێ
٢-بیلبیلە و برۆ و برژانگیشی سپین
٣-سەر بەندی بەندانی بوو."

دیاردەی "دووبارەكردنەوەی دەنگی" لە بەشێک لە شیعری كوردی سنووری پرانسیپەكانی ئەلیترەیشن دەبەزێنێ، چونكە پرسەكە (هاوشێوەبوونی دەنگی) هەر بە سەرەتای وشە بەراییەكان نابەستنەوە، بۆ نموونە دكتۆر هێمن چەند نموونەیەكی جیایی هاوشێوەبوونی دەنگی دەهێنێتەوە:

١-دڵێكی عاشق هەڵواسم لەناو باراندا بخووسێ
٢-گوڵاوی ماڵە گەوران
٣-شۆفێرێكی هەرزەكار و سەرسووک و مامۆستایان كاس كردبوو (ل٥٠).

مامۆستا خەلیل ئیبراهیم مستەفا ٢٠٠٩ لە ماستەرنامەكەی "شیعرییەتی دەق" لە ل٤٥-٤٧ دا باسی چەند جۆرێكی دووبارەكردنەوەی دەنگی لە شیعری (مەحوی)دا دەكات، وەک

**"گەر لە تۆ دنیا بەری بوو، قەوم و خوێشت لێ بەرین**
**گەر بەراتی بوو، هەموو عالەم بووە باب و برات."**

لە شیعری ئینگلیزیدا سێ وشەی ئەدەبی لە یەک جیاكراونەتەوە " ئەلیترەیشن: دووبارەكردنەوەی كۆنستۆتە هاوشێوەكانن لە بەرایی وشەكاندا، ئەسۆنسەنس: دووبارەكردنەوەی ڤاولە هاوشێوەكانن لە وشەكاندا هەرچی پارۆمۆیسیس-ە بریتییە لە پەرەلیزمی دەنگی نێوان وشەكانی لە یەک نزیک كە درێژیان یەكسانە، یان لە یەک نزیكن.

ئەو هەمووە هەر چۆنێک بێن لە شیعرییەتی دەق و هارمۆنیەتی وشەكان ڕۆڵێكی گرینگ دەگێڕن.

* پرۆفیسۆری هاریكار لە زمانەوانی.